# له نێوان ڕەوانبێژی و شێوازگەراییدا

ـ د. ئەحمەد قەرەنی ـ

له نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم ، بزاڤی شیکردنەوەی هونـەرەکانی ئـەدەبی کـوردی وەکو پێویستییەکی سەردەم بە گەرمی دەستیپێ کرا، سەرەتاکەی بە بڵاوکردنەوەی وتـارو ناوەڕاستەکەی بە دانانی کتێب و لە کۆتاییشدا ڕێبازێکی گشـتگیری لـەخۆگرت، کـە تـا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ هونەرە ئەدەبییەکان و زانستە زمانەوانییەکانی عەرەبیـدا یـەکتریان دەگرتەوە .

ئەمەش حاڵەتێکی لۆژێکی ئاسایی بووە، ئەگەر هاتو هۆکارە هاوبەشـەکانی هـەردوولا لە رووی پەرەسەندنی مێژوویی و تێکەڵکردنی بەرژەوەندییەکانەوە لەبەرچاو بگیرێن. بەڵام پێش ئەوەی ئەم بزاڤە لەسەرپێ ڕاوەستێت لەگەڵ دەرهاوێشتەی تیـۆرە زمانەوانییـەکانی رۆژئاوادا یەکتریان بڕی و نیمچە ململانێیەکی زانستی دروسـتبوو، کـە هێشـتا ئـەدگارو کاریگەرییکانی بەتەواوەتی دیارنین و، بەپێی ئەزموونی میللەتانی دیکەش وەکو عـەرەب ، تورك ، فارس ... کە لە حاڵەتی وادا پەنایان بۆ لایەنی ئەکادیمی بـردووە، کەوتوونەتـە نێو کێشەیەکی یەکجار گەورەوە، چونکە لـە لایەنێکـەوە بابـەتێکی هاوبەشـە لـەنێوان هونەرەکانی هەر یەکێك لە ئەدەب و زمان، بۆیە هـەر بڕیارێـك لـەم بـارەوە وەربگیرێـت پێوەندییەکی راستەوخۆ بە هەڵوەشـاندنەوەو سـەرلەنوێ بینـاکردنی مێشـکی ئینسـانەوە هەیە .

لێرەدا پرسیارگەلێکی رەوا سەرهەڵدەدەن، لەوانە :

ئا- ئایا کاتی ئەوە هاتووە کە دەزگە ئەکادیمییەکانی کوردستان دەرگە بۆ ئەم جـۆرە ململانێیە بکەنەوەو بەپێی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیان بڕیار وەربگرن .

ب- ئایا ڕەوانبێژی و شێوازگەرایی تەواوکەری یەکترن، یان بەپێچەوانەوە پەرەسەندنی هەر یەکێکیان لەسەر حیسێبی لەناوچوونی بەرانبەرەکەیەتی .

پ- دەکرێت ئەم کێشەیە بـە شـەڕی چـالدێران (١٥١٤ز) بچـوێنرێت ، کـە ئەوسـا ململانێ لە نێوان دوو زلهێز بـوو ( عوسمـانی — سـەفەوی ) و لەسـەر خـاکی کوردسـتان

روویدابوو، ئەمڕۆیش دووبارە دەبێتەوە، بەڵام یاریکەرەکان جیاوازن و لـەجیاتی ململانـێ لەسەر خاك بکرێت ئەمجارە لەنێو مێشکی کورددا ئەنجام دەدرێت .

ج- هەڵسووڕێنەرانی ئەم کێشەیە ملکەچی ئەنجامی زانستی لێکۆڵینەوەکانیان دەبـن، یانیش لەسەر پابەند بوونیان بە بیرو ئایدیۆلۆژییەکانیانەوە بەردەوام دەبن.

گەڕان بەدوای وەڵام و دۆزینەوەی پاسـاو بـۆ سـەلماندنی هـەر گریمانەیـەك کـە بـەم دوو لایەنەوە تایبەت بێت، دیسانەوە کارێکی ڕەوایەو لە گرنگی مەبەستە سەرەکییەکەی ئـەم کێشەیە کەم ناکاتەوە .

بۆ ڕوونکردنەوەی بنەماو ئامانجـەکانی هـەردوو لایـەنی کێشـەکەش ( ڕەوانبیـژی و شێوازگەرایی )، بە پێویستمان زانی پشت بە بۆچوونی چەند پسپۆڕێکی عەرەبی ببەسـتین وەکو ( مصطفی ناصف ، شکري محمد عیاد ، عبدالسلام المسدي ، یوسـف أبـو العـدوس ...) بـۆ ئـەوەی هـەردوو لایـەن شـی بکرێنـەوەو لـەبارەی تیـۆری و پراکتیکییـەوە بەراوردبکرێن و شێوەی مامەڵـەکردنیان لەگـەڵ دەقـی ئـەدەبی و زانسـتی زمانـدا لێـك بدرێنەوەو، پۆختەی ئەم کێشەیەش لەم چەند خاڵانەدا کورت دەکەینەوە :

١- بنەما زانسـتە ڕەوانبێژییـەکان پشـت بـە لـۆژیکی ئەرسـتۆیی دەبەسـتن، بـەڵام بوارەکانی شێوازگەرایی لەچوارچێوەی زمانەوانیدا دەستنیشان دەکرێن .

٢- زانستە ڕەوانبێژییەکان مـۆرکێکی هەڵوەشـاندنەوەیان هەیـە، بـەڵام لێکۆڵینـەوە شێوازگەراییەکان زیاتر ڕێچکەی ڕۆنان و ڕێکخستنەوەی پێکهاتەکان دەگرێتەبەر.

٣- لێکۆڵینەوەی ڕەوانبێژی بەرەو جۆرێکی پسپۆری لە ئاخاوتندا دەڕوات، کە ئەویش ئاخـاوتنی ئەدەبییـە، بـەڵام لێکۆڵینـەوە شـێوازگەراییەکان هـەموو جۆرەکـانی ئاخاوتن دەگرنەوە .

٤- هەنگاونانی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی ڕەوانبێژی لە هونەری ڕەوانبێژییـەوە سەرچـاوە دەگرێت، بـەڵام ڕێبـازی لێکۆڵینـەوەی شـێوازگەرایی لـە تایبەتمەنـدێتی خـودی شێوازەوە دەستی پێ دەکرێت .

٥- مەبەستی ڕەوانبێژی — زۆر جار — ڕێنماییکردن و فێرکارییەکی کردارییە، بـەڵام مەبەستی شێوازگەرایی تۆژینەوەیی و دەستنیشانکردنێکی وەسفییە .

٦- ڕەوانبێژی لە هەڵسەنگاندندا پێوەرێکی دێرینی هەیە، بەڵام شێوازگەرایی لایەنە باش و خراپەکان دەستنیشان ناکات، بەڵکو پتر پێوەندی زمان بەدەقەوەو ڕێکخستن و پێکهاتەکانیان ئاشکرا دەکات .

٧- مەزراندنی زمان لە شێوازگەراییدا لە ڕێگەی وشەو ڕستەو پەرەگراف و دەقەوە ئەنجام دەدرێت و، بەشێوەیەکی ڕۆنانی و دەروونی و کۆمەڵایەتی هەڵدەسەنگێنرێت، بەڵام ڕەوانبێژی بە شێوەیەکی فەرهەنگی و ڕێزمانی و ڕۆنانی و ڕوونبێژییەوە لە دروستی و ڕەوانی ڕامانەکانی دەق دەکۆڵێتەوە .

٨- شێوازگەرایی بە پێی پێداویستە زانستی و تەکنیکییەکان دەتوانێت بەئاستەکانی دەنگ و پێکهاتە و دەلالەتەکانی نێو دەقدا شۆڕببێتەوەو ، تەنیا دیاردەکان دەستنیشان دەکات و بەرەو لایەنی ڕشەخنەیی ناڕوات. لەهەمان کاتدا ڕەوانبێژی دەتوانێت لە وردەکارییەکانی زمان و پێکهاتەو وێنە ڕەوانبێژییەکان و شێوازەکان ورد ببێتەوە و بۆچوونە ڕەخنەکەیشی لەهەموو ڕوویەکەوە دەربڕێت .

٩- شێوازگەرایی بە شێوەیەکی زنجیربەندی یەك لەدوای یەك لە دیاردەکانی شێواز دەکۆڵێتەوە، بەڵام کەم جار ئەم ڕێچکەیە لە ڕەوانبێژیدا دەگرێتەبەر .

ئەمەو چەندین جوداوازی دیکەش هەن کە ڕەوانبێژی و شێوازگەرایی لە ڕووی بنەماو ڕێباز و بۆچوون و کردارەکانیانەوە ، دوو زانستی جودان و هەریەکە لایەنگیرو پەیڕەوکەرانی خۆی هەیە، بەڵام لێرەدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە کە تا چەند ئەم جوداوازییە لەلایەن پسپۆرە ئەکادیمییەکانمانەوە یەکلا دەکرێتەوەو کامیان پەسەند دەکەن.